**ئەم هەراو هۆریایە بۆچیە !** **بەهرۆز گەلالی**

نزیکبوونەوە لە بەروا ری جێبەجێکردنی ڕێفەراندومی کەرکوك، ڕۆژ بەڕۆژ هەندێ ناوەند هەولەکانی سیاسی و دیپلۆماسی و لۆبی خۆیان زیاتر چڕترو پڕتردەکەنەوە لە پێناوی دواخستنی ڕێفەراندومی کەرکوك و دروستکردنی کۆسپ لە پێشیدا.ئەو هەراو هۆریایەی ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکان سەبارەت بەهێرش و پەلاماردانی کوردستانی عێراق بەبیانوی بوونی پەکەکە لە قەندیل کە گوێبیستی دەبین ، هەمووی شێواندنی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە ، ئەویش مەسەلەی دۆسیەی کەرکوك و گەڕانەوەیەتی بۆسەر کوردستان .بەداخەوە هەندێ وڵات لەو مەسەلەیەدا لێکدانەوەو بۆچونەکانیان دەربارەی کەرکوك پێچەوانەی بیرو بۆچونی کوردە . ساڵی 2002 کاتێ هەڵبژاردنی پەڕلەمانی تورکیا ئەنجامدرا دیسان هەموو حزبەکان جگە لە پارتی (عەدالەت و تەنمیە) کوردستانی عێراق و دروستبونی دەوڵەتی کوردستانیان کردە ،خاڵێکی بنەرەتی بۆپرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەکانیان .ئەوکاتیش لێدوانێکمان دایە تەلەفیزۆنی (ئێن تی ڤی) و وتمان پارت و لایەنەکان لەباتی ئەوەی خۆیان بە بەرنامەی سیاسی و ئابوری و بەرەوپێشەوەبردنی کێشەی هاوڵاتیان خەریك بکەن ، هاتوون کوردستانی عێراقیان کردۆتە بابەتی سەرەکی کێبەرکێ ی هەڵبژاردنەکانیان وهەوڵدەدەن سەرنجی شەقامی تورکی ومیللەتی تورکیا بۆ کوردستانی عێراق ڕابکێشن کە گوایە کوردستانی عێراق بۆتورکیاو هاوسێکانی بۆتە شوێنێکی ترسناك و مەترسیدار و دەولەتی کوردستان دروست دەبێت .لەکاتیکدا ئەگەر ئەوە بشبێت مافێکی ڕەوای خۆمانە .... ساڵ هات و ڕۆیشت، نزیکەی پێنج ساڵمان تەواوکرد. کەچی ئەو دەولەتەی ئەوان باسیان دەکرد هێشتا دروست نەبوە. بەپێچەوانەوە کوردبۆتە فاکتەرێکی بنەرتی مانەوەی یەکپارچەی خاکی عێراق و بگرە سەرکردەکانیشی بەپێی دەستوور یەکیان ئەمڕۆ سەرۆکی کۆماری عێراقەو یەکیشیان سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق .جاروباریش لێرەو لەوی لەناو خۆمان ڕەنگە ڕەخنەشیان لێبگرین و تاونباریان بکەین کە زۆر عێراقچیەتیش بکەن . ئێستاش لەتورکیا هەڵبژاردن لەئارادایە. بەداخەوە هەندێ لایەن بەهەمان شێوە و سیاسەتی ساڵی 2002 وەوە دەڕواننە مەسەلەکان و بەهەمان شێوە دەیانەوێ کوردستانی عێراق بکەنە شوێنی مەترسی و گومان بۆتورکیاو هەولدەدەن وێنەیەکی خراپی کوردستانی عێراق بخەنە بەردەم شەعبی تورکی. لەکاتێکدا گەلی کوردستان زۆر بڕواو ئارەزووی لە برایەتی و تەبایی و دۆستایەتی نێوان هەردوو شەعبی تورکی و کوریدا هەیەوبەردەوامیش هەوڵدەدات کێشەکانی بەشێوەیەکی ئاشتی و برایانە لەسەرمێزی گفتوگۆ چارەسەربکات .بەڵام ڕۆژانە گوێبیستی ئۆپەراسیۆن و ئاوازی شەڕو ئەنجامدانی عەمەلیاتی سەربازی بۆ ناو سنوری کوردستانی عێراق دەبینەوە ،کەلەڕاستیشدا تێدەگەین کە ئەو هەراو هۆریایە بۆ پەکەکە نیە. بەڵکو بۆ دواخستنی ڕێفەراندومی کەرکوك ونەگەڕانەوەیەتی بۆسەر هەرێمی کوردستان . دیارە مادەی سەدوچلێش هیچ سەرکردەیەکی کورد ناتوانێ دوای بخات .چونکە مادەیەکی دەستورییەو پێویستە لەکات و ساتی خۆیدا جێبەجێبکرێت . ئێمە پێمان خۆشە لە دەرگاو قاپیەکانمانەوە پێشوازی لە هەموو هاوسێکانمان بکەین و دەرگای گفتوگۆو دیالۆگ لەلایەن سەرکردایەتی کوردستانی عێراقەوە هەمیشە ئاوەلەبوەو لەداهاتوشدا هەر بە ئاوەلەیی دەمینێتەوە.بۆیە هاندانی هەندێ گروپ و و لایەن و چین و توێژی تری ناو کۆمەلگای عێراقی ،خزمەتی بەرەو پێشەوەبردنی پەیوەندیەکانی نێوانمان ناکات و هاولاتیان و شەقامی کوردییش ، پێویستە بەو هەراوهۆریایانەی کە لەڕاگەیاندنەکان هەموو چرکەیەك گوێبیستی دەبین سەبارەت بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی خۆیان نا ئارام نەکەن . پێش 22–7 ئەنجامدانی عەمەلیاتی سەربازی کارێکی ئاسان نیە. دوایی هەڵبژاردنیش ڕەنگە زروفێکی تر بێتە پێشەوە و بەشێکی پەیوەندی بە هەڵبژاردن و دەنگەوە هەیە و بەشێکی زۆریشی زەختە لەسەر هەمولایەك ،بەتایبەتیش بۆ دواخستنی ڕێفەراندومی کەرکوك . بەڵام دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردلەکوردستانی عێراقیش دوای هەڵبژاردن بەرنامەیەك بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی دارشتنەوەی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ تەواوی دەرودراوسێکانی ئامادەبکات .وەزعی ئێستا دەبێ بگۆڕین، بەشێوەیەك کە لەبەرژەوەندی هەردولامان دابێت .چونکە تورکیا بۆعێراق هاوسێیەکی زۆر گرنگە.

bgalali1958@hotmail.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com